# ئۆرهان پاموک: دەربارەی دادگاکەم

لە ئینگلیزیەوە سەردار عەزیز (بۆ سازەی هاوڕێم)

ئەم هەینیە لە ئەستەنبول لە ؟؟ (ئەم نیشانەی پرسیارە ناوی دادگاکەیە کە ئۆرهان نایەوێ بیڵێ- وەرگێر) لەو گەرەکەی کە سەرتاپا ژیانم تیا بەسەربرد، لە دادگایە رێک بەرامبەر ئەو ماڵە سێ نهۆمیەی کە نەنکم تیایا بە تەنها چل ساڵ لە تەمەنی تیا ژیا- من لە بەرامبەر قازیدا دەوەستم. تاوانی من ئەوەیە، "بە ئاشکرا سوکایەتیم بە ناسنامەی تورک کردوە". ئەو لایەنەی کە شکایەتەکەیان لە سەر نوسیوم داوائەکەن کە بۆ سێ ساڵ بەندبکرێم. بۆ من جێی نیگەرانیە کاتێک کە رۆژنامەنووسی تورک بە رەچەڵەک ئەرمەنی لە هەمان دادگادا بە هەمان کێشە داداگاییکرا، بە پێی بریاری 301 تاوانبارکرا، بەڵام سەرەرای ئەمە من هێشتا گەشبینم. بۆ پارێزەرەکەم بڕوام وایە کێشەکە گران نیە، بڕوا ناکەم بچمە زیندان.
لە لایەکی ترەوە مایەی بێزاریە کە دادگاکەم بەو شێوەیە بوە بە دراما. من زۆر لەوە بە ئاگام کە زۆرینەی هاورێکانم لە ئەستەنبول، ئەوانەی کە راوێژم پێکردوون بە دادگایەکی توندوتیژترا رۆشتن سزای زیاتریان بۆ برایەوە لە سەر کتێبێک، تەنها لەبەر ئەوەی شتێکیان نووسی بوو. لە وولاتێکا وەک ئەم وولاتەی کەمنی تیا ئەژیم؛ هەرگیز هەلێک لە دەست نادات بۆ ریزلێنان لە پاشا، شێخ و پۆلیسەکانی بەڵام رازی نابێ ریز لە نووسەرانی بنێ تا ساڵانێک لە دادگا و بەندیخانەدا بەسەر نەبەن، بۆیە بەلامەوە جێی سەرسورمان نیە کە دادگایی ئەکرێم.  باش لە هاورێکانم تێئەگەم کە بەدەم زەردەخەنەوە پێم ئەڵێن، " بووی بە نوسەرێکی تورکی راستەقینە". بەڵام من هەرگیز ئەو ووشانەم بۆ ئەوە نەووت تا لە ئەنجامدا  بچمە دادگا و ببمە نووسەرێکی تورکی راستەقینە، من هەوادای ئەو جۆرە رێزلێنانە نەبووم.
شوباتی پێشوو، لە چاوپێکەوتنێکا لە گەڵ رۆژنامەیەکی سویسری ووتم؛ "ملیونێ ئەرمەنی و سی هەزار کورد لە تورکیا قەلاچۆکراون"؛ لە میانەی قسەکانما لەسەر ئەوەش دوام کە قسەکردن لە سەر ئەم کێشەیە لە وولاتەکەم تابۆیە، بڤەیە. لە نێو هەموو مێژوونوسە ناسراوەکانی دونیا ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەرمەنیە عوسمانیەکان سنووردراشکران لەبەرئەوەی گوایە هاوپەیمانیان لە گەڵ دوژمنی عوسمانیەکانا هەبوو (رووسەکان- وەرگێر)، لە سەرووبەری جەنگی جیهانی یەکەمدا، زۆریان لە رێگادا قەلاچۆکران. زۆربەی زمانحالانی تورکیا، بە گشتی دیپلۆماتەکان، دەڵێن ژمارەی ئەوانەی مردوون زۆر کەمترن، وە ئەم قەلاچۆکردنە بە جیونوساید دانانرێ چونکە بە شێوەیەکی سیستەماتیزە نەبووە، وە هەروەها لە میانەی شەردا ئەرمەنیەکان ژمارەیەکی زۆری موسوڵمانانیان کوشتووە. سەرەرای ئەمە ئەیلولی پێشوو، سێ زانکۆی گەورەی ئەستەنبول پێکەوە کۆنفرانسێکی کراوەیان بۆ لێکۆڵەرەوان سازدا، بەبێ رەزامەندی حکومەت. لەو کاتەوە ئەوە بۆ یەکەم جارە لە نەوەد ساڵی رابووردودا، کە لە بواری گشتیا قسە لەسەر ئەم مەسەلەیەکراوە، سەرباری ئامادەیی خێوی بریاری 301.

ئەگەر دەوڵەت ئامادەبێ تا ئەوپەری رێگەنەدا خەڵکی تورکیا زانیاریان هەبێ دەربارەی ئەوەی چی بەسەر ئەرمەنیە عوسمانیەکاندا هات، ئەوا قسەکەی من ئەتوانرێ بە تابو لە قەڵەم بدرێ. هەروەها  لە ئەنجامی قسەکانم تورەییەک هاتەئاراوە کە شایستەی تابوشکاندنە: رۆژنامەی جۆراوجۆر کامپەینی رق و کینەیان دژم دەستپێکرد، هەندێ ستوونووسی راسترەو (بەڵام مەرج نیە ئیسلامی بن) بانگەشەی ئەوەیانکرد کە پێویستە بۆ یەکجاری "بێدەنگ" بکرێم، گرووپی نەتەوەپەرستە توندرەوەکان کۆبوونەوەو خۆپێشاندان و پرۆتێستیان دژ بە بەرهەمەکانم ئەنجامدا؛ کتێبەکانم لە شوێنە گشتیەکانا بە بەرچاوی هەموانەوە سوتێنران. وەک کا، پاڵەوانەکەم لە رۆمانی بەفردا، بۆم دەرکەوت کە چ هەستێکە کاتێک ناچاردەبی شاری خۆشەویستت بۆ ماوەیەک بەجێ بهێڵی لەبەر بیروارای رامیاری. لە سەرەتاوە لەبەرئەوەی حەزم نەئەکرد هێندەی تر کێشەکە ئاڵۆزکەم، هەتا نەمئەویست هیچیش دەربارەی ببیستم، بریارمدا بێدەنگبم، هەستم بە جۆرێک لە شەرمەزاری ئەکرد، خۆم لە خەڵکی شاردەوە، هەتا لە ووشەکانی خۆشم. ئینجا حکومەتی ناوخۆ بریاری سوتانی کتێبەکانمی دا، پاش گەرانەوەم بۆ ئەستەنبول ؟؟ لە دادگادا دژ بەمن دەعوایەکی تۆمارکرد، لەپر خۆم لە دۆخێکا بینیەوە کە بوومە جێی بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

ئەوانەی کە دژم وەستان هیچ دژمنایەتیەکی تاکەکەسیان لەگەڵما نەبوو، لە هەمانکاتا بە تەنها دژ بەمن نەبوون؛ هەرپێش ئەوە خۆم لەوە ئاگاداربووم کە ئەم کێشەی دەبێتە جێی بایەخ لە تورکیا و دەرەوەی تورکیاش. بەشێکی ئەمە لەبەرئەوەی نەک من سوکایەتیم بەووڵاتێک کردوە بەوەی هەندێ خاڵی رەشیم کردوەتە مایەی مشتوومر بەڵکو بەوەی ئەو بەشەی مێژوو بۆ ئەوەنیە بکرێتە مایەی تێرامان بە هیچ شێوەیەک. بەڵام من بروام وایە لە ئەمرۆی تورکیادا قەدەغەکردنی قسەکردن لەسەر ئەرمەنیە عوسمانیەکان قەدەغەکردنی ئازادی را دەربرینە، وە ئەو دوو کێشەیە بە توندی لێک ئاڵاون. هەرچەندە لەلایەکەوە ئەو پاڵپشتە زۆرەی کە لە هەموو جێگایەکەوە لێم ئەکرا مایەی دڵخۆشی بوو بۆم، لە هەمانکاتا هەندێ جار هەستم بەبێ بێتاقەتی ئەکرد بەوەی کەوتومەتە نێوان ووڵاتەکەم و دونیاوە.

ئەوەی لە هەمووی گرانترە بۆ ئەوەی لێی تێبگەی ئەوەیە بۆچی ووڵاتێک کە بە شێوەیەکی فەرمی دەیەوێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لە هەمانکاتا نوسەرێکی بەندئەکات کە لە ئەوروپا بەباشی ناسراوە، هەروەها بۆچی رێگەیدا ئەم دراملیە سازبدرێ، (وەک کۆنراد رەنگە بڵێ) لە ژێر چاوی رۆژئاوادا. ئەم دووفاقەییە ناتوانرێ بە سادەیی بوترێ لە بەر بێئاگایی، ئیرەیی یان نەبوونی تۆلەرانسە (کرانەوە بەرامبەر ئەویتردا)، وە هەروەها تاکە دووفاقەیی نیە. چۆن لە ووڵاتەکەم تێبگەم لە لایەکەوە دەڵی تورک خەڵکێکی پڕ لە سۆزو بەزەیین، جوادا لە گەلانی رۆژئاوای دراوسێ، ناتوانن کاری جیونوساید ئەنجامدەن، لە هەمانکاتا نەتەوەپەرستەکان بە سزای مەرگ هەرەشەم لێئەکەن. چ لۆجیکێک لە پشت ووڵاتێکەوە هەیە هەردەم بۆڵەی دێ لەوەی دوژمنانی درۆی بۆ هەڵئەبەستن و راپۆرتی هەڵە دەربارەی سەربووردەی عوسمانیەکان بە جیهاندا بڵاوئەکەنەوە، لە هەمانکاتدا نوسەر لە دوای نووسەر دەستبەسەرئەکات و ئەیانخاتە بەندیخانەوە، لە ئەنجامدا وێنەی تورکی سەربەگۆبەن بەدونیادا بڵاوئەکاتەوە؟ کاتێک بیرلەوە ئەکەمەوە کە دەوڵەت پرۆفیسۆرێک رائەسپێرێ بۆ ئەوەی دەربارەی کەمینەکان راپۆرتێک بنوسێ، کە راپۆرتەکە دڵخۆشکەر نابێ پرۆفیسۆرەکە سزائەدرێ. یان هەواڵی ئەوەی لە ساتی نوسینی ئەم دێرانەوە تا دەکەوێتە بەرچاوی تۆی خوێنەر پێنج نوسەر و رۆژنامەنوسی تر بە پێی بریاری 301 سزا ئەدرێن، من وێنای ئەکەم کە فلۆبێر و نێرڤاڵ هەردوو باوانی رۆژهەڵاتناسی ئەمە بە رووداوێکی بیزارنێس (ووشەیەکی بە رەچەڵەک فەرەنسیە بە مانای ئەوە دێت رووداوێک لە هەمانکاتا مایەی گاڵتەو خەمە) ناوزەد ئەکەن، وە هەقیشیانە وەها بڵێن.

پێویستە بوترێ، ئەم دراملیە کە لە پێشچاومان ئەیبینین پێشکەش ئەکرێت، بە بروای من، تەنها تایبەت نیە بە تورکیا، بەڵکو روخساری رووداوێکی جیهانیە، ئێستا پێی ئەزانین و پێویستە دەست بەکارکردن بکەین بۆ ئاشکراکردنی. لەم چەند ساڵەی دوایدا چین و هیند بە گەشەیەکی ئابووری گەورەدا تێپەرین لە هەردوو ووڵات چینی ناوەند بەشێوەیەکی بەربڵاو گەشەیکرد، من بروام وایە ئێمە نابێ وابزانین کە لە ژیانی ئەم چینە تێگەشتووین تا نەبینین ژیانیان کراوەتە بابەتی رۆمان. ئەم دەستەی هەڵبژاردە (ئیلیت) نوێی لە ووڵاتەکەم، هەرچۆنێک ناوی لێئەنێیی، وا هەست ئەکات کە دەبێ لە سەر دوو هێڵی جیاواز بروات کە ململانێی یەکترناکەن بۆ ئەوەی رەوایەتی ببەخشنە سەروەت و سامانە نوێکەیان. یەکەم بۆ ئەوەی رەوایەتی ببەخشنە لە پڕ دەوڵەمەندبوونەکەیان هەڵوێست و کەلتوری رۆژئاوا ئەگرنەبەر ؛ پاشان خۆیان دەکەنە رابەری خەڵک و وانەیان پێئەڵێنەوە. کاتێک خەڵک بەوە تاوانباریان ئەکەن کە تراديشن یان سوننەتیان لە بیرکردوە، هەرخێرا دێنە دەم بە مێشک تەسک و نەتەوە پەرستیان دائەنێن. ئەوەی کە رەنگە چاودێرێکی دەرەکی وەک فلۆبێر بە بیزارنێس ناوی ببات، رەنگە زۆر بەسادەی پێکدادانی نێوان بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی ئەم چینەبێت، کە ئەمان بە ئاواتیەوەن. لەلایەکەوە کە بە پەلەن بۆ بوون بە بەشێک لە ئابووری جیهانگیری، گلۆبالیزم، لە لایەکی ترەوە ناشنالیزمی تورە وا هەستئەکات کە دیموکراسی و ئازادی بیرورا داهێنانێکی رۆژئاواییں و نامۆن.

ڤ.س. نایپۆل یەکێک بوو لەو نوسەرە یەکەمانەی کە ژیانی تایبەتی ئیلیتە نا-رۆژئاواییەکانی کردە بابەتی نوسینەکانی. ئایاری پێشوو، لە کۆریا، کە نووسەری یابانی گەورە کیزابوری ئۆم بینی، پێی ووتم ئەویش لە لایەن نەتەوەپەرستە توندرەواکانەوە سوکایەتی پێکراوە کاتێ پێشنیاریکردوە کە لە ناوەندە گشتیەکانا لێکۆڵینەوە بکرێ دەربارەی ئەو تاوانە ناشیرینانەی کە سەربازە ژاپۆنیەکان ئەنجامیان داوە لە کاتی داگیرکردنی کۆریاو چین لە لایەن ژاپۆنەوە.

نەبوونی تۆلەرانس لەلایەن حکومەتی رووسیاوە بەرامبەرە چیچانیەکان و کەمایەتیەکانی تر و رێکخراوی مافە مەدەنیەکان، سەرکوتکردنی ئازادی رادەربرین لەلایەن هیندیە ناشنالستەکانەوە، سیاسەتی وولاّتی چین بۆ پاکسازی ئەتنیک لە ئوگۆرۆ، هەمووی بە هەمان دژایەتی رۆپۆشکراون.

کە رۆماننوسانی سبەینێ خۆیان ئامادەئەکەن بۆ نوسینی ژیانی تایبەتی دەسەلاّتدارانیان چاوەرێئەکەن لە رۆژئاوا کە رەخنەی زیاترو سەرسەختانەتر بگرێ دەربارەی ئازادیەکانی رادەربرین. بەلام ئەم رۆژانە درۆکان دەربارەی شەری عێراق هەروەها ئەو راپۆرتانەی دەربارەی هەبوونی بەندیخانەی نهێنی لەلایەن سی ئای ئەیەوە، وایان کردوە کە زۆر گران بێت بۆ کەسێکی وەک من داکۆکی لە دیموکراسی راستەقینەو شێوازی ژیانی رۆژئاوایی بکات لە تورکیا.

---

لە گۆڤاری نیورکەرەوە؛ 05/12/16